# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

لە کۆنگرەی دوازدەهەمی پارتی کە لە 6–1999/10/14 دا بەسترابڕیاری لەسەر دراوە

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 1

## ❖ پرۆگرام

## ❖ پەیڕەوی ناوخۆ

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 2

# پرۆگرام

1. ماددەی یەکەم: پارتی ( پارتی دیموکراتی کوردستان
2. ماددەی دووەم: ئامانجە نەتەوەیی یەکان
3. ماددەی سی یەم: دیموکراسی و سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ
4. ماددەی چوارەم: نەتەوەی کورد
5. ماددەی پێنجەم: پەیوەندی نێودەولەتی
6. ماددەی شەشەم: پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم
7. ماددەی حەوتەم: قوربانیانی ئەنفال و شالاۆوەکانی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و چەکی کیمیاوی
8. ماددەی هەشتەم: پێشمەرگە
9. ماددەی نۆیەم: خاکە ئازاد نەکراوەکانی کوردستان
10. ماددەی دەیەم: کورد لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا
11. ماددەی یازدەهەم: کەمە نەتەوەکان



12– ماددەی دوازدەهەم: سیاسەتی ئابووری ودارایی

13–ماددەی سی زدەهەم: ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجی کردن

14–ماددەی چواردەهەم: شارەوانی و گەشت و گوزار15

15–ماددەی پازدەهەم: پەیوەندی و گەیاندن و گواستنەوەو ڕێگاو بان

16–ماددەی شازدەهەم: پەروەدەو فێرکردنی بالاۆ

17–ماددەی حەڤدەهەم: ئیسلام و کاروباری ئایینی

18–ماددەی هەژدەهەم: قوتابیان و لاوان

19–ماددەی نۆزدەهەم: ئافرەت

20–ماددەی بیستەم: تەندروستی و کاروباری کۆمەلاۆیەتی

21–ماددەی بیست و یەکەم: پاراستنی ژینگە

22–ماددەی بیست و دووەم: ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بلاۆوکردنەوە

23–ماددەی بیست و سییەم: دادوەریی (قضاء)

24–ماددەی بیست وچوارەم: یەکێتی وسەندیکاو کۆمەلە پیشەیی یەکانی کوردستان

25–ماددەی بیست وپێنجەم: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

## ماددەی یەکەم: پارتی ( پارتی دیموکراتی کوردستان )

پارتێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی جەماوەری یە، باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی چارەی خۆ نووسینی میللەتان هەیەو لەبەر ڕۆشنایی مێژووی میللەتی کوردو ئەزموونی بزوتنەوە ئازادیخوازەکەی و کەلەپوری نیشتمانی و خەباتگێڕانەی دەوڵەمەندی بارزانی نەمردا خەبات دەکات و سود لە تاقیکردنەوەی گەلان وەردەگرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ واقعیی کوردستاندا بگونجێت.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 5

## ماددەی دووەم: ئامانجە نەتەوەیی یەکان

1– پارتی باوەڕی بەوە هەیە کە نەتەوەی پارچە پارچەکراوی کورد وەک هەموو میللەتانی جیهان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بی.

2– پارتیمان لەپێناوی بەدیهێنانی حوکمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدڕالی (ئیتیحادی) لە عێراقدا لەسەر بنچینەی دەستورێکی فیدڕالی خەبات دەکات کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و فرەحزبی و یەکسانی لەبەردەم یاساو مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کوردستانی عێراق مسۆگەر بکات کە پەرلەمانی کوردستان لەم قۆناغەدا بە شێوەی فیدڕالیزم و بەپیی ڕاستی یە نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافییەکان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا دیاری کردووەو مسۆگەرکردنی بەشداری گەلی کوردستان لە دەزگاکانی حوکمی ئیتیحادی ناوەندی و لە تەواوی دامودەزگاکانیداو لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی عێراقیدا.

3– پارتیمان پەیوەندی دیموکراتی و دۆستانەی لەگەڵ سەرجەم حزبەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستاندا هەیە، ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆڵەتیان پی دراوەو، بەردەوام بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندی یانەو پەرەپێدانی کاری هاوپەیمانی لەسەر بنچینەی پرنسیپی دیموکراتی تێدەکۆشێت و، لە هەمان کاتدا لە پێناوی هێنانەدی یەکێتی نیشتیمانی سەرتاسەری لە کوردستانی عێراقدا خەبات دەکات.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 6

## ماددەی سی یەم: دیموکراسی و سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ

1- پارتی وەک ئامانج و ڕێباز و شێوازێک ئیلتیزام بە دیموکراسی دەکات و هەوڵی بەدیهێنان و قووڵ کردنەوەی دەدات، هەروەها پابەندی دەبی بە فرەحزبی و دەستاودەستی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیموکراتییەوە.

2- پارتیمان ئیلتیزام بە جاڕنامەی جیهانی ی مافی مرۆڤ و تێکڕای بەڵگەو پەیمان نامە نێودەوڵەتیەکان لەم بوارەدا دەکات و پەیمان دەدا لە پێناوی هێنانەدی ئەو پرنسیپ و ئامانجانەی کە تیایدا هاتووە کار بکات.

3- پارتیمان دژی تیرۆر دەوەستی و هەموو شێوەو شێوازەکانی ئیدانە دەکا، جا لە ژێر هەر پەردەو بیانویەک و لەهەر لایەکەوە بی.

4- پابەند بوون بە پرنسیپی سەروەری یاساو یەکسانی لەبەردەمیدا بەبی جیاوازی.

5- سزادان کارێکی شەخس یەو هیچ تاوان وهیچ سزایەک بەبی دەقێکی یاسایی نابێت و، تۆمەتباران تا لە دادگایەکی یاسایی دا تاوانەکەی نەسەلمێنرێت بی تاوانەو دەبی مافی بەرگری لە خۆ کردنی بۆ زامن بکری.

6- پارتیمان بڕوای بە مەبدەئی لێک جیاکردنەوەی هەرسی دەسەڵات و جیبەجی کردنی پرنسیپی سەربەخۆیی دادوەریی (قچاء) هەیە کە لە یاسا بەولاوە هیچ دەستەڵاتێک لەسەری نی یە.



## ماددەی چوارەم: نەتەوەی کورد

1- پارتیمان لە پێناوی پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی و هاوکاری لە گەڵ تێکڕای حزب و ڕێکخراوە دیموکراتی یەکانی کوردستان و جالیەکانی کورد لە دەرەوەو بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان دا کار دەکات، ئەویش بە گرتنەبەری شێوازی دیالۆگی برایانەو دیموکراتی یانەو ڕەت کردنەوەو تەحریم و ئیدانە کردنی پەنابردنەبەر هێزو زەبرو زەنگ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی ناو ماڵی کوردستان.

2- خەبات دەکەین لە پێناوی هێنانەدی باشترین پەیوەندی برایەتی و هاوکاری لە گەڵ ئەو نەتەوەو گەلانەی کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەژین.

3- پارتیمان هەوڵ دەدا بۆ خستنەڕوو و باسکردنی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک کێشەیەکی سیاسی ڕەوا لەم ناوچە گرنگەی جیهانداو، بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی یکگرتووی **UN**سەربە نوێنەرایەتی سیاسی یانەی میللەتی کوردو لابردنی ئەو زوڵم و زۆرە مێژوویی یەی کەلیی کراوە.

## تەواوکەری – ماددەی چوارەم: نەتەوەی کورد

4- پارتیمان داوای هێنانەدی چارەسەری ئاشتی یانەو دیموکراتیانەی کێشەی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستاندا دەکات.

5- کورد ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری هەبووە لە بنیاتنانی شارستانی ی ئیسلامی و عەرەبیدا لە بەرگری کردن لەم شارستانی یە بە درێژایی مێژوو و لە ناخۆشترین بارودۆخدا. لەم ڕوانگەیەوە پارتیمان داوا لە هەردوو جیهانی ئیسلامی عەرەبی، بەگەل و حکومەتەکانیانەوە، دەکا کە لەپاڵ گەلی کورد بوەستن و پشتگیری کێشە ڕەواکەی بکەن لە پێناوی هێنانەدی مافە ڕەواکانیداو هەڵوێستی ئیجابی ئەو تۆ بنوێنن کە لەگەڵ ڕۆڵ و بەشداری کورد گونجاوبێت.



## ماددەی پێنجەم: پەیوەندی نێودەوڵەتی

لەسایەی سیستەمی نوی ی نێودەوڵەتیدا کەپشت بەدیموکراسی و ڕێزلێنانی مافەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لە ڕێگای حیوارو گفت و گۆوە دەبەستێت، پارتیمان لەبواری نێودەوڵەتی دا بۆ ئەمانەی

خوارەوە کار دەکا:-

1- پابەندبوون بە پرنسیپ و ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێز گرتن لە تێکڕای ئەو پەیمان و بەڵگەنامانەی کە لە خزمەتی ئاشتی و ئازادی و پێشکەوتنی گەلاندان.

2- گونجاندنی یاسایی بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق لە دیدی یاسای نێودەوڵەتی یەوەو، سەیرکردنی دەزگاکانی هەرێم وەک دامودەزگای شەرعی نوێنەری گەلەکەیان و، دروست کردنی کەناڵی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا تا ئەوکاتەی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی لە عێراقدا دەستبەکار دەبی.

3- پشتگیری کردنی هەوڵ و کۆششی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە پسپۆڕەکان و چالاکی یە مرۆڤایەتی یەکانی و پاڵپشتی کردنی ئەو ڕێکخراوە ناحکومی یانەی لە کوردستاندا کار دەکەن.

4- ئەوپەڕی هەوڵدان لە پێناوی دامەزراندنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە پشتگیری یان لە کێشەی گەلەکەمان کرد، بەتایبەتیش لەکاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 و کۆڕەوەکەدا.

5- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ئەو حزب و ڕێکخراوو کەسایەتی یانەی کە پشتگیری یان لە کێشەکەمان کرد.

6- کارکردن لە پێناوی بەردەوامبوونی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و، لادانی ئەو گەمارۆیەی بەسەریدا سەپێنراوەو، کارکردن بە بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایش و بەردەوامبوون لەسەر کاری فریاگوزاری و یارمەتی مرۆیی و جیهانی و، پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم لە کاری فریاکەوتن و ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان و گەشەپێداندا.



## ماددەی شەشەم: پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم

پارتیمان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەدەسکەوتێکی مێژوویی گرنگ دادەنی کە پێویستی بە پەرەپێدان و پشتگیری هەیەو ئەم دەستکەوتە بە هیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکری و دەستی لی بەر نادری، چونکە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی گەلەکەمانەو بە دەنگەوە هاتنی ئیرادەی ئازادیەتی.

هەروەها پارتیمان لە پێناوی سەقامگیرکردن و قوولکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەم دیموکراتی یە ساوایەدا خەبات دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوتنیمسۆگەر بکری و ڕۆڵی خۆی لەسەر بنچینەی پرنسیپی سەروەری یاساو بەر قەرار بوونی ئاسایش و نیزام و پەرەپێدانی ئیدارەکان و بوژاندنەوەی ئابووری هەرێمدا بە تەواوی بگێڕی، بەجۆری کە زیاد بوونی بەرهەمهێنان و ئاسایشی خۆراکیمان و چارەسەرکردنی بێکاری و هەلئاوسان و کارکردن لە پێناوی زیادبوونی داهاتی دارایی حکومەتی هەرێمدا مسۆگەر بکات.

**ماددەی حەوتەم: قوربانیانی ئەنفال و شالاَوەکانی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و چەکی کیمیاوی**

1– پارتیمان داوای هەلّمەتێکی نیشتمانی و جیهانی سەرتاسەری دەکا بۆ ئاشکراکردنی چارەنوسی دەیان هەزار ڕۆڵەی گەلەکەمان لە بارزانی و فەیلی و قوربانیانی ئەنفال و ئەو زیندانی و بی سەرو شوێنانەی کە تا ئێستا چارەنووسیان نادیارەو، ئازادکردنی ئەوانەی لە ژیاندا ماون و قەرەبوو کردنەوەی ئەو قوربانی یانە یا خێزانەکانیان لەو زوڵم و ستەم و زیانەی کە دووچاری هاتوون.

2– پارتیمان تێدەکۆشی لە پێناوی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و عەمبارکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و هەوڵ دەدا ڕۆژی 16 ی ئازار (ڕۆژی هەڵەبجە) بکری بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی ئەو چەکانەو بۆ هاریکاری کردنی قوربانیانی لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان. هەروەها پارتیمان پشتگیری لە هەوڵ و تەقەلای نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی مەلّبەندی تۆژینەوەی تایبەت بە ئاسەواریشەڕی کیمیاوی دژی گەلەکەمان دەکات.

3– پارتیمان هەولّدەدا گشت دەربەدەرو ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی ئەسڵی خۆیان و حکومەتی ناوەندی قەرەبووی ئەو زەرەروزیانانە بکاتەوە کەلی یان کەوتوە، لەوانە بیناکردنەوەی گوندو گەڕەک و شوێنی حەوانەوەیان.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 13

4– پارتیمان هەوڵ دەدا کوردی فەیلی ئەوانەی دیکە بگەڕێنەوەو، ڕەگەزنامەی عێراقی یان پی ببەخشرێتەوەو ماڵومولّکی گواستراوەو نەگواستراوەیان پی بدرێتەوەو تێکڕای زەرەرو زیانەکانیان قەرەبوو بکرێتەوە.

5– پارتیمان بەتوندی دژی هەوڵ و تەقەلای ڕژێمی عێراق بۆ شێواندن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی ئێزیدی ناڕەزایی دەردەبڕی و، لە پێناوی نەهێشتنیتەواوی ئەو ڕەفتارە ڕەگەزپەرستی یانەی لەم بوارەدا دەرهەق بەوان کراوە کاردەکا.

6– پارتیمان وای دەبینی کە چەوساندنەوەی کوردی شەبەک و ڕاگواستن و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان کارێکی ڕەگەزپەرستانەیەو بە مەبەستی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی یان ئەنجام دراوە، بۆیە بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵم و زۆرەی کە دووچاری هاتوون هەوڵ دەدەین.

7– چەسپاندنی مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی لە عێراقدا نیشتەجی بوون وەک ئۆمەریان و گۆیان و هی تر.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 14

## ماددەی هەشتەم: پێشمەرگە

هەرلە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە پێشمەرگە قەڵغانی گەلی کوردستان و پارێزەری سنوورەکان و لە ڕۆژانی تەنگانەدا هێمای بەرخودان بووە، لە سایەی قوربانیدانی گەورەی ئەودا گەلەکەمان توانیویەتی لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی ڕابگری، بۆیە بە پێزانینێکی زۆرەوە ڕۆڵی مەزن و قارەمانانەی پێشمەرگە لە کاروانی گەلەکەماندا هەڵدەسەنگێنی و بەجدی هەوڵ دەدا بۆ:-

1- پشتگیری و پیرۆزکردنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە دەدری بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا بۆ بەرگری کردن لە سنووری کوردستان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان.

2- بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان بە دەرکردنی یاساو تەشریعاتی تایبەت کە باری ئابووری یان سەقامگیر بکات.

3- بایەخدان بە مەشقی پێویست بۆ زیادکردنی هێزی لەش و توانای شەڕکردنی پێشمەرگەو چەسپاندنی پرنسیپی دیسپلین و نیزام و گوی ڕایەڵی بۆ ئەو فەرمانانەی کە لە تەشکیلات و فەرماندەکانەوە دەردەچن.

4- پشتگیری کردن و پەرەپێدانی هەردوو دەزگای شەهید و ئەیلول و،هاوکاری کردنی پێشمەرگەکانی ئەیلول لە بەرامبەر ئەو خەبات و قوربانی یەی کە پێشکەشیان کردووەو سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەو ئەزمونەکانیان و مسۆگەرکردنی یارمەتیدانی خێزانەکانیان و وەپێش خستنیان لە بواری وەرگرتنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا.

5- بەخێوکردن و ئاگالێبوونی پێشمەرگە پەککەوتووەکان و زامنکردنی مافەکانیان.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 15

## ماددەی نۆیەم: خاکە ئازاد نەکراوەکانی کوردستان

پارتی بە پێزانینێکی زۆرەوە دەڕوانێتە خۆ ڕاگری و مەینەتی یەکانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەریەک لە کەرکوک و مەخمور و خانەقین و شێخان و سنجارو زمار و مەندەلی و ئەو شوێنانەی دیکەی خاکی کوردستان کە هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی حکومەتیهەرێمدان. هەروەها پارتیمان شالاوی تەعریب و گۆڕین و شێواندنی ناسنامەی نەتەوایەتی و گۆڕینی سنوورو پەیوەندی یە ئیداری یەکان تاوانبار دەکاو، خەبات دەکا لە پێناوی کۆتایی پی هێنان و نەهێشتنی شوێنەواری ئەوکارانەو بەستنەوەی ئەو ناوچە ئیداری یانە بە هەرێم وفراوانکردنی ناوچەی پارێزراو بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچانەش بگرێتەوە.

## ماددەی دەیەم: کورد لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا

بەرگری کردن لە مافی ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا نیشتەجێن و مسۆگەر کردنی بەردەوامبوونی پەیوەندی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لە گەڵیاندا.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 16

### ماددەی یازدەهەم: کەمە نەتەوەکان

پارتیمان ڕێز لە هەست و نەست و داب و نەریتی ئەو کەمە نەتەوەو ئاینی یانە دەگری کە لەگەڵ کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەژین وەک تورکمان و ئاشوری و کلدان و هی ترو، تەقدیری تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینی یان دەکات و کاردەکا لە پێناوی مسۆگەر کردنی بەدەستهێنان و پیادەکردنی مافە ڕۆشنبیری و ئیداری یەکانیان و بەشدار بونیان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا بە پیی ڕێژەیان لەچاو دانیشتوانی هەرێم وئاسان کردنی گەڕانەوەی کۆچ کردوەکانیان بۆ ناوچە ئەسڵی یەکانی خۆیان.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 17

### ماددەی دوازدەهەم: سیاسەتی ئابووری ودارایی

هەرچەندە عێراق لە ڕووی سامانی سروشتی و مرۆیی یەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام سیاسەتی پەیڕو کراو لە ناوەندو، شەڕوکوشتارو ئەو ئابڵوقەیەی بەهۆی شەڕەوە بەسەریدا سەپێنراوە وای کردووە کە ئابووری عێراق زۆر شپرزە بێت و گەلی عێراق زۆربەگرانی نرخەکەی بدات. ئەم بارودۆخەش لە کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوەو کاری کردۆتە سەر ئابوری یەکەی، ئەمە سەرەڕای ئەو ئابڵوقە ناوخۆیی یەی کە بەسەر هەرێمدا سەپێنراوە، بۆیە پارتیمان وای دەبینی کە:-

1- چارەسەرکردنی گیروگرفتی سەختی ئابووری لە عێراقدا لە ڕێگای ڕژێمێکی دیموکراتی یەوە دەستەبەر دەبی کە هەڵگرتنی ئابڵوقەی ئابووری داسەپاو مسۆگەر بکات و عێراق بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی یەکانی گەل ڕەچاو بکات و سیاسەتێکی ژیری ئابووری گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمدا پەیڕەو بکات و سەروەت و سامانەکان بۆ بەرژەوەندی گەل بخاتە کار.

2-لەبەر تایبەتمەندی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق پارتیمان تێدەکۆشی بۆ:-

ڕ) وەدەرنانی هەرێمی کوردستان لەو ئابڵوقە نێودەوڵەتی یەی کە بەسەر عێراقدا سەپێنراوە.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 18

ب)پشتگیری ئابووری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکری و هەوڵ بدری ئەو هاوکاری یە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە بگات و بەشی بڕیار لی دراوی کوردستان لە چوارچێوەی بڕیاری 986 دا دوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی داسەپاو بەسەر عێراقدا مسۆگەر بکری.

ج)پێویستە شێوازێکی هاوبەش بۆ کاری ڕێکخراوە مرۆیی یەکان لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بە پیی ئەولەویاتی پێویستی یەکانی گەل سوود لە هەولێ تەقەلاکانیان وەربگیرێت.

د) حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئابوری ڕوون و دیراسەتکراو بگرێتە بەر کە ئازادی چالاکی ئابووری تایبەت مسۆگەر بکات و دەرفەتی پی بدات ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر لە خولقاندنی حاڵەتی پەرەسەندن و گەشەکردندا بگێڕی، هەروەها بەرهەمهێنانی نیشتیمانی و پیشەسازی ناوەخۆ پشتگیری بکری و بپارێزری، بەجۆرێک کە هاوشان بی لەگەڵ چالاکی حکومەتی هەرێم لەبواری ئابووریدا بۆ داڕشتنی سەرەتایەکی ڕاست بۆ گەشەکردنێکی سەرتاسەری ئابووری کە زامنی وەبەرهێنانی هەموو سامان و توانا ڕەخساوەکان بێت و ببێتە مایەی زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و ئاستی گوزەرانی خەڵک بەرز بکاتەوەو موستەهلیک لە چەوسانەوەو یاریکردن بە بژێوی گەل بپارێزی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 19

ه) پشتگیری کردن و چالاک کردنی بانکی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانی ڕۆڵی خۆی لە بەگەڕخستنەوەی بانکە بازرگانی و تایبەتمەندەکانی هەرێمدا بگێڕی تا ئەرکی خۆیان لە داڕشتنی سیاسەتێکی دراوی (ائتمانی) ڕاست و دروست دا ئەنجام بدەن و،لە هێنانەکایەی سەقامگیری بۆ وەزعی دراوی بیانیدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، هەروەها بەشداری لە خستنەکارو ئاڕاستە کردنی پاشەکەوتی خەڵک بەرەو ئەو چالاکی یە ئابووری یانەی کە لە بەرژەوەندی هەرێمدان بکەن.

و) هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی داهاتەکانی هەرێم و ئامادەکردن و پیگەیاندنی کادیری دارایی و ئابووری و کۆنترۆڵ کردنی داهاتەکان، بەتایبەتیش داهاتی گومرگ، لە ڕێگای دەرکردنی یاسای تەعریفەی گومرگی و چاک کردنی کاری ئیدارەکانی و نەهێشتنی خۆدزینەوە لە باجدان و بایەخدان بە چوست و چالاک کردنی ترانزێت لە هەرێمدا.

ز) بایەخدان بە گیروگرفتی بێکاری، بەتایبەتیش لەنێو لاواندا و هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆیان و قەدەغەکردنی کارپی کردنی منداڵ (الاحداث).

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 20

3- کشت و کاڵ:

پارتیمان، کشت و کاڵ بە یەکێک لە گرنگترین کەرتە ئابووری یە بەرهەم هێنەرەکانی هەرێم دەزانێت، بۆیە بایەخێکی یەکجار زۆر بە پەرەپێدان و نوی کردنەوەو تەواوکردنی پرۆسەی بە مەکینەکردن و دابین کردنی گشت پێداویستی یەکانی و چارەسەرکردنی هەموو کێشەو گیروگرفتەکانی بەردەمی دەدات لە ڕێگای:-

ر) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و وردو لەسەر خۆ بۆ کێشەی زەوی لە کوردستاندا لە پێناوی دەرکردنی یاسایەک کە مافی جوتیارو خاوەن موڵک بپارێزی، بەشێوەیەک کە سەقامگیربوونی موڵکایەتی کشت و کاڵ مسۆگەر بکاو ببێتە هۆی زیاد بوون و گەشەپێدانی بەرهەمی کشت و کاڵ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە ئاسایشی خۆراکی بێتەدی و داهاتەکانی هەرێم زیادبکات.

ب) سوود وەرگرتن لە سامانی ئاوو بایەخدان بە دروستکردنی بەنداوو کەناڵی ئاودێری کە ببێتە هۆی زیاد بوونی ڕووبەری زەوی یە بەراوەکان. وپتر بوونی بەرهەم و بەرهەمهێنان و پاراستنی حەوزی ڕووبارەکان و ڕێگەگرتن لە بەردەوام دارمانی خاکدا.



ج) دابین کردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و کشت و کاڵی و بنیادی ڕاگیرکاری

(البنى الارتكازية) لە لادی دا وهاندانی جوتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان بۆ پشتگیری کردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

د) بایەخدان بە سامانی ڕووەک وەک دانەوێڵەو سەوزەو بەروبوومی پیشەسازی و زەیتی و بێستانکاری و دارستان و لەوەڕگەو گژوگیای پزیشکی.

هـ) بایەخدان بە سامانی ئاژەڵ وەک مانگا و مەڕومالآت و پەلەوەڕ و ماسی و هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی ئەم سامانەو دابین کردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆی.

**4- پیشەسازی:**

**ڕ) خستنەکارو پەرەپێدانی ئەو کارگانەی کە هەن ودابین کردنی کەل وپەلی یەدەک و کەرەسەی خاو بۆیان و پەرەپێدانیان، لەگەڵ بایەخدانی تایبەت بە کارگەکانی چیمەنتۆو گەچ و هەڵکەندنی بەرد (مقالع) لەبەر ئەو ڕۆڵەی لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەیگێڕن.**

**ب) دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی (سوک و قورس) کە کەرەسەی خاویان لە هەرێمدا دەست دەکەوی.**

**ج) بایەخ پی دان و پەرەپێدانی پیشەسازی خۆراک و کارکردن بۆ دامەزراندنی کارگەی نوی.**

**د) هاندانی وەبەرهێنان (استپمارات)ی پیشەسازی.**

**ه) کارکردن لە پێناوی سوود وەرگرتن لە سامانی نەوت و بەپیشەسازی کردنی.**

**و) هاندانی پیشەسازی دەستکرد و پیشەیی کە مۆرکی نەتەوەیی و ناوەخۆیان هەیە.**

**ز) بایەخدان بەسەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و چاک کردن و پاراستن و بەیەکەوە گرێدانی تۆڕکانی، بەشێوەیەک کە کارەبا بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم لە تۆڕێکی تەواوو ڕێکوپێکدا دابین بکری و، هەوڵ بدری سەرچاوەی نوی ی وزە بدۆزرێتەوە.**



**5- بازرگانی:**

**بازرگانی کۆڵەکەیەکی گرنگی ئابووری یەو بەشداری یەکی کاریگەری لە بوژاندنەوەی ئابووریدا دەکات، بۆیە دەبی کەرتی بازرگانی وەکو پێویست بایەخی پی بدرێت بۆ ئەوەی ببوژێتەوەو بزوتنەوەکەی چوست و چالاک بکرێت و لەهەمان کاتدا پێویستە چاودێری بازرگانی بایەخی پی بدرێت.**

**6- سەرچاوەکانی سامانی سروشتی:**

**ڕ) نەوت و کانزاکان: گەلی کوردستان مافی ئەوەی هەیە سامانەکانی ژێر خاکی هەرێم بە نەوت و کانزاکانیشەوە وەبەر بێنێت.**

**ب) سەرچاوەکانی ئاو: زۆربەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ئاوی عێراقیشەوە، لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، ئەوش سامانێکی نەتەوەیی یە کە نابی لەدەست خۆمانی بدەین و، بایەخی ئەم سامانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبی و لەم سەردەمەی ئێستاماندا شان لەشانی نەوت دەدات و، گەلی کوردستانیش مافی ئەوەی هەیە بەر لە خەڵکی دیکە سوودی لی وەربگری.**

## ماددەی سی زدەهەم: ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجی کردن

1– ئەوپەڕی بایەخدان بە بیناکردنەوەی گوندە ڕوخێنراوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ یان.

2– دیراسەکردنی قەیرانی خانوو شوێنی حەوانەوەو دۆزینەوەی ڕێگا چارەی لەبار بۆ ئەم کێشەیەو بایەخدان بە فراوانبوونی ستوونی لە شارەکاندا.

3– ڕەچاوکردنی هەل و مەرج و ستانداردی جیهانی بۆ ڕووبەڕو بونەوەی بوومەلەرزەو کارەساتی دیکەی سروشتی.

## ماددەی چواردەهەم: شارەوانی و گەشت و گوزار

1– پێویستە هەوڵ بدری خزمەتگوزاری شارەوانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە پەرەی پی بدری بۆ پاراستنی پاک و خاوێنی و جوانی ناوچەکانی نیشتەجی بوونی هاولاتیان و پاراستنی ژینگەی کوردستان لە پیس بوون و چاوپێداخشاندنەوەی نەخشەی بنچینەیی شارو شارۆچکەکان بە پیی ستانداردی نوی ی زانستی.

2– زیندووکردنەوەو بوژاندنەوەی بزووتنەوەی گەشت و گوزار لە کوردستان و پەرەپێدانی، لە ڕیگەی پاراستن و بایەخدان بە دامودەزگاکانی گەشت و گوزار و شوێنەوارە مێژوویی یەکان و باسکردنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

3– هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنی شارەوانی یەکانی هەرێم لە نزیکترین دەرفەتدا



## ماددەی پازدەهەم: پەیوەندی و گەیاندن و گواستنەوەو ڕێگاو بان

1– لەبەر گرنگی پەیوەندی کردنی بەتەل و بی تەل لە گرێدانی ناوچەکانی هەرێم لە گەڵ یەکدی و لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بۆیە پێویستە بایەخ بە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی کردنی ناوەخۆو گرنگی بە تۆڕکانی ناو شارەکان بدرێت و، بەدامەزراندنی بەدالەی نوی لە شارەگەورەکان و قەزاکاندا فراوان بکرێن، هەروەها بایەخ بە پۆستەی ناوەوەو دەرەوە بدرێت و مەلبەندی نوی ی پۆستە لەو ناوچانەی کە پۆستەیان تێدانی یە بکرێنەوەو گرنگی بە مەلبەندەکانی کەش ناسی بدرێت و پێش بخرێن.

2– بایەخدان بە هۆبە جۆراو جۆرەکانی گواستنەوەی خەلک و کەل و پەل لەنێوان شارەکانی هەرێمدا.

3– بایەخدان بە تۆڕی ڕێگاوبان و پردەکان، بەتایبەتیش ئەو پردو ڕێگا سەرەکی یانەی کە هەرێمی کوردستان بە دەولەتانی دراوسی دەبەستێتەوەو، ئیدامە و پاراستن و پەرەپێدانیان.

## ماددەی شازدەهەم: پەروەدەو فێرکردنی باڵا

لە پێناوی چارەسەر کردنی ئاکامی سیاسەتی ڕەگەزپەرست و شۆڤینیانەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، پارتیمان بە پێویستی دەزانی سیاسەتێکی پەروەردەیی بنیاتنەرانە دابڕێژی بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەواری ئەو سیاسەتانەی پێشوو لەلایەک و بیناکردنەوەی کەرتی پەروەردەو فێرکردن، هەر لە باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری یەوە تا دەگاتە زانکۆکان و خوێندی باڵا، لەسەر بناغەیەکی زانستی و پەروەردەیی ڕاست و دروست لە ڕێگای:-

1- پێداچونەوەیەکی سەرتاسەری بە تەواوی پرۆگرام و کتێب و ماددەکانی خوێندن و دەوڵەمەند کردنیان بە گیانی کوردایەتی و بەهای ڕەسەنی گەلەکەمانەوە، بەجۆری کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و شارستانیدا هاوشان بی.

2-بایەخدان بە کەلەپورو ڕۆشنبیری و مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان.

3-گرنگی دان بە هەیئەتەکانی فێرکردن و خوێندن لەڕێگای دابینکردنی ئاستێکی گوزەرانی گونجاو بۆیان و پتەوکردنی شوێن و پایەی کۆمەڵایەتی یان کە شیاوی ئەو ڕۆڵە زانستی و پەروەردەیی یە بێت کە دەیگێڕن.



4- بایەخێکی تایبەت بە زانکۆو پەیمانگەو مامۆستاو کادێرە زانستی یەکان بدری وپێداویستی یەکانی توێژینەوەی زانستی یان بۆ دابین بکری و کەش و هەوایەکی لەباری داهێنان و پەرەسەندنیان بۆ زامن بکری و (حێانە)یان بۆ بڕەخسێنری و، ڕێزلێنانی حورمەت و سەربەخۆیی زانکۆکان مسۆگەر بکری و دەست نەخرێتە ناو کاروباریان و کاروچالاکی یان دەستەبەر بکری بۆ ئەوەی ڕۆڵی زانستی و شارستانی و ڕۆشنبیری خۆیان لەناو کۆمەڵدا بگێڕن.

5- هانی گەڕانەوەی خاوەن تواناو بەهرە زانستی یەکان بۆ هەرێم بدرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە کاروانی زانستدا بکەن.

6- پشتگیری کردنی توێژینەوەو دیراساتی زانستی لە ڕێگای هاندانی کۆڕو کۆنگرەی زانستی و ئاسانکردنی بەشداربوونی مامۆستایان لە کۆنگرە زانستی یەکانی جیهاندا.

7- پشتگیری کردنی کۆڕی زانیاری کوردستان.

8- کارکردن لە پێناوی دابینکردنی زەمالەو ناردنە دەرەوەی مامۆستایان و قوتابی یە یەکەمەکان بۆ دەرەوەی هەرێم و دابەشکردنی ئەو زەمالاتە بەپیی پرنسیپی دەرفەتی یەکسانی (تکافو الفرێ) بۆ هەموو لایەک.

9- هەوڵدان لە پێناوی تەرخان کردنی کورسی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هەرێمدان.

10- بایەخدان بە ڕۆشنبیری ئاشوری و کلدانی و تورکمانی

## ماددەی حەڤدەهەم: ئیسلام و کاروباری ئایینی

1- بایەخدان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کەلەپوورەکەی کە بەدرێژایی سەدەکان ڕۆشنبیری کوردی دەوڵەمەند کردووەو، ڕێزگرتن لە زانایان و پیاوانی ئاینی و پێگەی کۆمەڵایەتی یان و چاکردنی باری گوزەرانیان و دەستەبەر کردنی پێداویستی یەکانی ئەنجامدانی چالاکی ئاینی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بۆیان بۆ ئەوەی خزمەتی گەلەکەیان و کێشە مرۆیی یە ڕەواکەی بکەن و، هەوڵدان بۆ چاودێری کردن و (تقنین)و پەرەپێدانی پەیمانگەو کۆلیژو قوتابخانە ئاینی یەکان و بیناکردنەوەی ئەو مزگەوت و شوێنە ئاینی یە ئیسلامی یانەی کە تێکدراون.

2- پیشتگیری کردن و یارمەتیدانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە ئەرکەکانی خۆی جیبەجی بکات.

3- ڕێزلێنانی هەست و داب و نەریت و ڕی و ڕەسمی تێکڕای تائیفە ئاینی و مەزهەبی یەکان و، کارکردن لە پێناوی بلاوکردنەوەی گیانی لێبوردن و سنگ فراوانی ئایینی بۆ پتەوکردنی برایەتی و خۆشەویستی و هاوکاری و بایەخدان بەو شوێن و پەرستگایانەی کە تایبەتە بەوان و ڕێزگرتن لە حورمەتی ئەو شوێنانەو بیناکردنەوەی ئەوانەی کە وێران کراون.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 29

## ماددەی هەژدەهەم: قوتابیان و لاوان

پارتی بڕوای بەوە هەیە کە لاوان کۆڵەکەی کۆمەڵن و بەدەست و بازووی ئەوان پاشەڕۆژی کوردستان دەنەخشێنری،

بۆیە پێویستە کە:-

1- بایەخ بە ئامادەکردن و پێگەیاندن و ئاواتەکانیان بدری و، بواری ڕۆشنیری و زانستی یان بۆ دەستەبەر بکری بۆ ئەوەی هێزو توانایان گەشە بکات و بەهرەیان قالْ ببێتەوەو، هاوکاری لاوانی داهێنەر بکرێت و یانە و یاریگە و مەلەوانگەی وەرزشی و مەڵبەندی چاودێری زانستی زیاتریان بۆ بکرێتەوە.

2- کارکردن لە پێناوی چاکتر کردنی باری گوزەران و خوێندنی قوتابیان و دابینکردنی بەشی ناوخۆیی بۆیان و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ دەرچووان.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 30

**ماددەی نۆزدەهەم: ئافرەت**

**لە کۆنەوە کۆمەڵگای کوردستان بەوە ناسراوە کە ڕێز لە ئافرەت و ڕۆڵی ئیجابی ئافرەت لە کۆمەڵدا دەگرێت، بۆیە پارتیمان بەو چاوە سەیری ئافرەت دەکا کە نیوەی کۆمەڵە و پێویستە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.**

**پارتیمان لە ڕوانگەی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ئافرەت لە بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵدا دەیگێڕی هەوڵ دەدا بۆ:-**

**1- ئافرەتی کوردستان مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیری تەواوی خۆی هەبی و، ئەم مافانە بەیاسا زامن بکرێن.**

**2- ڕۆڵی ئافرەت لەناو پارتی و ڕێکخراوو چالاکی یەکانیدا چالاکتر بکری.**



**ماددەی بیستەم: تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی**

**1- پارتیمان بە پێویستی دەزانی هەموو جۆرەکانیچاودێری تەندروستی لە خۆپاراستن و چارەسەرکردن بایەخیان پی بدرێت، ئەویش لە ڕێگای دابین کردنی پێداویستی و کادیری پزیشکی و تەندروستی و زیادکردنی نەخۆشخانە و مەڵبەندی لەش ساغی و عیادەی شەعبی و دابەشکردنیان بەشێوەیەکی عادیلان بەسەر ناوچەکاندا بەجۆری کە فریای گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گشت هاولآتیانی هەرێم بکەون.**

**2-داوا دەکا لە ڕێگای پێشکەش کردنی بەرنامەی هەمەجۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هوشیاری تەندروستی بەرز بکرێتەوەو چاودێری دایک و منداڵ بکرێت و کار پی کردنی مندالآن (الاحداپ) قەدەغە بکرێت و بایەخ بە پیرو پەککەوتەکان بدرێت و مەڵبەندی بەخێوکردن (الترهیل)و چاودێری کۆمەلآیەتی و تەئمینی تەندروستی یان بۆ دەستەبەر بکری و، بایەخ بە دابینکردنی دەرمان بدرێت و هەوڵ بدرێت سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی پیشەسازی داوودەرمان لە ناوخۆدا بخولقێنرێت.**

**3- قەدەغەکردن و قەلآچۆکردنی بازرگانی موخەدیرات کە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر کۆمەڵ و زیانی پی دەگەیێنی، ئەمەش بۆ ئەوەی کوردستان بە پاک و خاوێنی بمێنێتەوەو لەم نەخۆشی یە کوشندەیە بەدوور بی.**

## ماددەی بیست و یەکەم: پاراستنی ژینگە

1- سیاسەتی شۆفێنی یانەی ڕژێم چینگەی کوردستانیشی نەبواردووە، بۆیە گەڕاندنەوەی سەوزایی بۆ سەرزەمینی جوانی کوردستان ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و مرۆیی یە وپارتیمان لەم پێناوەدا کار دەکات و هەوڵ دەدا بڕیارەکانی (کۆنگرەی هلسنکی) جیبەجی بکات کە تایبەتە بە پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و دۆزینەوەی شوێنی پارێزراو بۆ ئەو زیندەوەرانەی مەترسی لە ناوچونیان لی دەکری و دەرکردنی یاسای تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

2-بایەخدان بە دارستانی سروشتی و لەوەڕگەو بێستانەکان و پاراستنیان لە سووتان و بڕینەوەو کارکردن لە پێناوی بووژاندنەوەی ڕووپۆشی ڕووەکی و دامەزراندنی کەمەربەندی سەوز لە دەوری شارو شارۆچکەکانداو ڕێگەگرتن لە داخورانی خاک و بوون بە بیابان.

3- بەرزکردنەوەی دروشمی (لە پێناوی کوردستانێکی بی مین)و پشتگیری کردن و فراوان کردنی ئەو هەوڵ و کۆششەی لەم بوارەدا دەدری.

4- هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە پاراستن و پەرەپێدانی ژینگە.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 33

## ماددەی بیست و دووەم: ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

پارتی باوەڕی بە ئازادی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ڕگەیاندن هەیە لە ڕێگای کەناڵەکانی بینراوو بیستراوو خوێندراوەوەو،

تەئکید لەسەر ڕۆڵی کاریگەریان دەکاتەوە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ئاشکرا کردنی ڕاستی یەکان و دەستنیشان کردنی شوێنی کەم و کورتی یەکان و گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بە جیهان. بۆیە هەوڵدەدا بۆ:-

1- چالاک کردنی ڕۆڵی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن.

2-پەیڕەکردنی مەوزوعیەت و ڕەخنەی بنیاتنەر لە خستنەڕووی بابەتەکانداو دوورکەوتنەوە لە شێوازی موزایەدەو شەڕە جنێوو لەکەدار کردن.

3- ڕێکخستنی کەرتی ئاگاداری بینراوو بیستراوو خوێندراو بەشێوەیەک کە لەگەڵ پرنسیپی دیموکراسیدا بگونجی و، لە زێدە خەرجی و پەرش وبڵاوکردنەوەی سامان و تواناکان دووربکەوێتەوە.

4- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بەهێز بکرێت و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵکانی ناوخۆدا پشتی پی ببەستری.

5- هەوڵدان بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی کوردی و پشتگیری کردنی چاپخانەکانی کوردستان و پیگەیاندنی کادیری ئیعلامی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 34

6– پەلە کردن لە دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانی کوردستان.

7– بایەخدان بە دەستنووسە کۆن و بەنرخەکانی کوردی و دامەزراندنی مەڵبەندێک بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان.

8– ئەوپەڕی بایەخدان بە زیندووکردنەوەی کەلەپوری کورد لە ڕێگەی کردنەوەی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی کوردستان و، بەگەڕخستنی پرۆسەی مەسح و بەدواداگەڕانی ئاسەوارەکان و، هەوڵدانیزیاتر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاسەوارانەی گەڕانی ئاسەوارەکان و، هەوڵدانی زیاتر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ئاسەوارانەی گواستراونەتەوە یادزراون و، بەخشینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەو شوێنەوارو هونەرو ئەدەبە کوردی یانەی کە ناسنامەکەیان شێوێندراوە.

9– دامەزراندنی مۆزەخانەیەک بەناوی مۆزەخانەی بارزانی نەمر کە شوێنەوارو کەلەپوورو بەڵگەنامەو هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی یان بە ژیانی خۆی و خەباتی هەڤاڵانی یەوە هەیە، لەگەڵ کەلەپوری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لەم مۆزەخانەیەدا هەڵبگیرێت.

10– هەوڵدان بۆ تەبەنا کردنی بەرهەمی داهێنەرانەی هونەرمەندانی شانۆو سینەمای کوردستان ویارمەتیدانی زیاتریان بۆ بەدیارخستنی ناسنامەی شانۆو سینەمای کوردستان.



ماددەی بیست و سییەم: دادوەرییی (قضاء)

1– ڕێزگرتن لە دادوەریی (دادوەرو داواکاری گشتی)و سەربەخۆیی یەکەی ودووپات کردنەوەی ئەو زەمانەتە یاسایی یەی کە لە هەموو بوارەکاندا بۆیان ڕەخساوە.

2– پشتگیری کردنی داواکاری گشتی (الادعاء العام) وەک دەزگایەک کە سەربەخۆیی تەواوی هەیە، بۆ ئەوەی لە هەموو بوارە تایبەتمەندەکانی دیکەدا ڕۆڵی خۆی لە دادگاکاندا بگێڕێت.

3– پێگەیاندنی دادوەران وداواکارانی گشتی لە پەیمانگەیەکی دادوەریی دا کە بۆ ئەم مەبەستە دێتە دامەزراندن و، کردنەوەی خولی تایبەتی جۆراوجۆر لە بواری یاسایی و دادوەریی دا کە دەبێتە مایەی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی باش وڕێک و پێک.

4– بایەخدان بە دادوەریی ئیداری ودامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بەم دادوەریی یە.

## ماددەی بیست وچوارەم: یەکێتی وسەندیکاو کۆمەڵە پیشەیی یەکانی کوردستان

پارتی باوەڕی بە ڕۆڵی کاریگەری ئەو ڕێکخراوە جەماوەری وپیشەیی یانە هەیەو بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕۆڵە کار دەکا، ئەویش لە ڕێگای پشتگیری کردنیان ویەکخستنی هەوڵ و تەقەلایان لەسەر بنچینەی یەک ڕێکخراو بۆ یەک کەرتی پیشەیی وپەیڕەوکردنی پرنسیپی دیموکراتی لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیاندا.

## ماددەی بیست وچوارەم: یەکێتی وسەندیکاو کۆمەڵە پیشەیی یەکانی کوردستان

پارتی باوەڕی بە ڕۆڵی کاریگەری ئەو ڕێکخراوە جەماوەری وپیشەیی یانە هەیەو بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕۆڵە کار دەکا، ئەویش لە ڕێگای پشتگیری کردنیان ویەکخستنی هەوڵ و تەقەلایان لەسەر بنچینەی یەک ڕێکخراو بۆ یەک کەرتی پیشەیی وپەیڕەوکردنی پرنسیپی دیموکراتی لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانیاندا.

## ماددەی بیست وپێنجەم: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

پارتیمان باوەڕی بەوە هەیە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (ئاسایش، پۆلیس، ڕەگەزنامەو ئەحوالی مەدەنی، هات وچۆ، سنوور، گومرگ وبەرگری مەدەنی) ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی هاووڵاتیان ومولک ومالْ وئازادی یان و، لە داکۆکی کردن لە دەستکەوتەکانی گەل ومسۆگەر کردنی باڵادەستی یاساو جی بەجی کردنی عەداڵەت و ڕێزلێنانی مافەکانی مرۆڤدا دەگێڕن، بۆیەش کاردەکا بۆ:-

1- پشتگیری کردنی زیاتری هێزەکانی ئاسایش ناوخۆ بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە ئەرکەکانی خۆیان ڕابپەڕێنن.

2- بایەخدانی زیاتر بە مەشق پی کردن وپیگەیاندن و بەهێزکردن وبەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری ئەندامانی ئەم هێزانە، لە ڕێگای ئەو قوتابخانەو پەیمانگەو کۆلیژە تایبەتمەندانەی کە هەن و پەرەپێدانیان.

3- چاک کردنی باری ژیان و گوزەرانیان.



## پەیڕەوی ناوخۆ

- ✓ پێناسەی پارتی
- ✓ پرنسیپەکانی پارتی لە ڕێکخستندا
- ✓ هاتنە ڕیزی پارتی
- ✓ پەیکەری پارتی
- ✓ ڕێکخراوەکانی پارتی: ئەرک و دەسەڵاتەکانیان
- ✓ کۆمیتەی ناوەندی
- ✓ مەکتەبی سیاسی
- ✓ جیگری سەرۆک
- ✓ سەرۆکی پارتی
- ✓ دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری
- ✓ ڕۆشنبیری پارتی

- ✓کۆنفرانس
- ✓کۆنفرانسی گشتی
- ✓کۆنگرە(کۆنگرەی نیشتمانی)
- ✓لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە
- ✓لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە
- ✓دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە
- ✓هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی
- ✓دارایی پارتی

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 39

بەشی یەکەم

پارتی

ماددەی یەکەم

# پێناسەی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی جەماوەرییە، لەیەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو خەڵکە دیموکراتخوازە هاوئامانجانە پێکهاتووە کە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتیان پەسند کردووە لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەرداو بە پێی پلانی واقعی وەرگیراو لە مێژووی نەتەوەی کوردو تاقیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو کەلەپووری نیشتیمانی و خەباتگێڕانەی بارزانی نەمر، بۆ بەجێهێنانی ستراتیژیی پارتی خەبات دەکەن و کەڵک لە تاقیکردنەوەی گەلان بەچەشنێک وەردەگرن کە لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی عێراق و ئاواتەکانی گەلەکەیدا بگونجی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 40

ماددەی دووەم

## پرنسیپەکانی پارتی لە ڕێکخستندا

پارتی لەڕێکخستندا لەسەر ئەم پرنسیپانە دامەزراوە:

1- پشت بەستن بە پرنسیپی هەڵبژاردن لە پێکهێنانی لیژنەکانی پارتی دا لەڕێگەی دەنگدانی نهێنیەوە.

2- دەستەکانی خوارەوە بە بڕیار و ڕێنوێنیەکانی دەستەکانی سەرووتر دەبن و کەمایەتی بڕیارەکانی زۆربە پەسند دەکات و پێویستە جی بەجی ی بکات و مافی ئەوەشیان هەیە بە بەڵگەی پی سەلمێنەرەوە بۆچوون و سەرنجی خۆیان دەربڕن.

3- بڕیار، بەتاکە کەس نادری، کاتی کە ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی دەستەیەک یان لیژنەیەک یان ڕێکخراوێک دایە بەبی ئەوەی پرنسیپی بەرپرسیارێتی تاکە کەس دایە بەبی ئەوەی پرنسیپی بەرپرسیارێتی تاکە کەس بەولاوە بنری.

4- پشت بەستن بە پرنسیپی ڕاوێژکاری و ڕاگۆڕینەوەو ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆ گرتن لە چوار چێوەی دەزگاکانی پارتیدا نەک لەدەرەوەی و بەبی تیرو توانج و سوکایەتی پی کردن.

5- پابەند بوون بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان (تكافؤ الفرص).

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 41

بەشی دووەم

## هاتنە ڕیزی پارتی

ماددەی سێیەم

### یەکەم: پالاْوتن:

1-ری و شوێن و مەرجەکانی پالاْوتن بۆ ئەندامەتی دەبی پالێوراو ئەم مەرجانەی تێدابی:

ا- نابی تەمەنی لە (16) ساڵ کەمتربی.

ب- ڕابردووی پاک و ناوبانگی باش بی.

ج- دوو ئەندامی پارتی کە بە لایەنی کەمەوە ساڵێک پتر بەسەر ئەندامەتیان لەپارتیدا تێپەڕ بووبی، پشتگیری لە پالاْوتنی بکەن.

د- بەنووسین داوای هاتنە ڕیزی پارتی بکا.

هـ- دوانامە لەلایەن شانەی ئەندامانەوە بۆ لیژنەی ڕێکخراو دەنێردری و هەروەها ڕاسپاردەی خۆی و ڕاسپاردەی شانەی سەرەکی لەسەر ئیستمارەیەکی تایبەت بەم مەبەستە دەنووسی، بۆ ئەوەی لیژنەی ڕێکخراو بڕیاری لەبارەوە بدا.

و- لەکاتی ڕەتکردنەوەی دا داواکاری پالاْوتن مافی نارەزایی دەربڕینی هەیە لەلای لیژنەی سەرووترو، بڕیاری ئەم لیژنەیەش یەکلاکەرەوەیە.

ز- نابی ماوەی پالاْوتن لە شەش مانگ کەمتر بی.

ی- لە یەکی لەشانەکاندا ڕێک بخری.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 42

## ئەرک و مافی پاڵێوراو:

### ئەرکەکان:

1- دەبی بەرێک وپێکی ئامادەی کۆبوونەوەکانی پارتی بی.

2- پاڵێوراو دەبی هەوڵی حاڵی بوون لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆو مێژووی خەباتگێڕانەی پارتی بدا.

3- نهێنییەکانی پارتی بپارێزی.

4- ئابوونەی مانگانە بەرێک وپێکی بدا.

5- ئەو ئەرکانەی پیی دەسپێردری جی بەجییان بکات.

6- بڵاوکراوەکانی پارتی بخوێنێتەوەو ئاگاداریان بی.

### مافەکان:

1- پاڵێوراو بە گوێرەی ئەم پەیڕەوە سەرنج و پێشنیارو پرسیاری خۆی دەردەبڕی.

2- بۆی هەیە لەخولی خوێندن و مەشق پی کردنی تایبەت بە پاڵێوراوان بەشداری بکا.

3- بەر لەوەی ببی بە ئەندام مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردنی بۆ بەرپرسیاریەتی نییە.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 43

## دووەم: ئەندامەتی:

دەبی ئەندام ئەم مەرجانەی تێدا بی:

ا- ماوەی پالاوتنی بەسەر بردبی و پێداویستیەکانی بەسەرکەوتوویی جی بەجی کردبی.

ب- تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر نەبی.

ج- دەبی لە یەکی لە شانەکانی یان لیژنەکانی پارتی دا ڕێکخراوبی.

د- ئابوونەی بڕیار لەسەردراوی مانگانە بدا.

ه- هەرکەسی بەکری گیراو یا سیخوڕ یا ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بێت لە پارتی دا وەرناگیرێت.

و- دژایەتی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی نەکات و بڕوای بە مافی مرۆڤ هەبێت.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 44

## ئەرک و مافی ئەندام:

### 1- ئەرکەکان: پێویستە ئەندام:

ا- بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی پارتی بەپیی پەیڕەوی ناوخۆ خەبات بکاو بۆ ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی پارتی کار بکات.

ب- پابەندی دیسپلینی پارتی بێت و یەکێتی بیروباوەڕو ڕێکخراوەیی و نهێنییەکانی پارتی بپارێزی.

ج- پەرە بە ڕاددەو ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری خۆی بدات .

د- بەم پەیڕەوە کاربکاو پابەندی پرنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پارتی ببی.

ه- پەیوەندی بە دەستەو توێژە جۆر بە جۆرە کۆمەلایەتیەکانی گەلەوە پتەو بکاو ڕێز لە نەریت و ڕیو ڕەسمیان بگری و سیاسەتی پارتیان لە هەموو بوارەکاندا پی ڕابگەیەنی و داکۆکی لی بکا.

و- نابی بەبی ڕەزامەندی پارتی شار یا کار یا ڕێکخراوەکەی یا هەرێم بەجی بهێڵی.

ز- لەسەر گشت ئەندام و پالێوراوانی پارتیمان پێویستە گرنگی یەکی تایبەت بدەن بە لایەنگرانی پارتی و پەیوەندی یان لەگەڵدا بەهێز و بۆ هاتنە ڕیزی پارتی ئامادەیان بکەن. هەروەها پێویستە لەسەریان بەربلاوترین پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا گری بدەن و هەوڵ بدەن لەچالاکی یە گشتی یەکاندا بەشداریان بکەن.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 45

## مافەکان: ئەندام ئەم مافانەی هەیە:

ا- خۆپالاوتن و هەلبژاردنی بۆ هەموو لیژنەیەکی پارتی بەپیی پەیڕەوی ناوخۆ.

ب- لەکاتی پێویستی دا داوای یارمەتی لە پارتی بکا.

ج- ئەگەر لەئەنجامی خەباتی لەپارتی دا، تووشی گیران و دوورخستنەوە بی، ئەوا ئەندام مافی یارمەتی وەرگرتنی لە پارتی بەپی ی توانا هەیە.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 46

**سییەم: کادیر:**

**1- *پێناسی کادیر*: ئەو ئەندامە خۆتەرخان کردووەی پارتی یە کە هەموو تواناو چالاکی خۆی بۆ خزمەتکردنی پارتی دەخاتە کارو، بەپیی پەیرەوێکی تایبەت بە کادیرانەوە، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە، بەرپرسیاریەتی بۆ دیار دەکری.**

**2- *مەرجەکانی*:**

**دەبی کادیر ئەم مەرجانەی تێدا بی:**

**ا- ماوەی ئەندامەتی لەپارتی دا، چوار ساڵ کەمتر نەبی.**

**ب- دەرچووی یەکێک لە خولەکانی پەیمانگەی کادیرانی پارتی بی.**

**ج- لەئەندامە هەڵکەوتووەکانی پارتی بی لەڕووی بیرو ئاکارو کردەوە.**

**3-ماف و ئەرکەکانی:**

**ا- پارتی بەپیی پەیرەوێکی کۆمیتەی ناوەندی، مووچە بۆ کادیرانی خۆی دەبڕێتەوە بە جۆری لەگەڵ پلەوپایەو بەرپرسیارێتیان لەناو پارتی دا بگونجی.**

**ب- پارتی لەکاتی پەککەوتن و بە ساڵداچوونی کادیران دا، کۆمەکیان دەکاو مووچەیەکی هەمیشەییان بۆ دەبڕێتەوەو چاوی لە میراتگرە شەرعیەکانیان دەبی.**

**ج- کادیر دەبی بەردەوام پەرە بە ڕۆشنبیری و لێهاتوویی خۆیبدا.**

**د- هەر ماف و بەر پرسیاریەکی تر کە لە پەیرەوی تایبەت بە کادیراندا هاتبی.**



**بەشی سییەم**

# پەیکەری پارتی

**ماددەی چوارەم**

**لەخوارەوە بۆ سەرەوە پارتی بەم شێوەیە دادەمەزری:**

**شانە، شانەی سەرەکی، لیژنەی ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس، کۆنگرە.**

**ئەم بنیاتە لەسەر ئەو پرنسیپە ڕێکخراوەییانە دادەمەزری کە لە ماددەی(2)ی ئەم پەیرەوەدا هاتوون.**

# ڕێکخراوەکانی پارتی: ئەرک و دەسەڵاتەکانیان

ماددەی پێنجەم

## یەکەم: شانە

1- پێناسەی شانە:یەکەی بنەڕەتی ڕێکخستنی پارتی و بنکەی جەماوەری و سەرچاوەی ڕەوایی و دەسەلاتەکانە. شانە لە (5-15) ئەندام پێک دێت بەڕێکخەرو یاریدەرەکەشیەوە کە لەلایەن شانەوە دوای ڕەزامەندی ڕێکخراو هەڵدەبژێردرێن و بەرپرسیارێتی شانەش لەئەستۆی هەمووان دایە.

## 2- ئەرکەکانی:

ا- بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی پارتی، خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانج و سەرەتایەکانی پارتی دەکاو ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕێنی.

ب- دیراسەتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بلاوکراوەکانی پارتی دەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکا و ئەندامەکانی خۆی پی ڕۆشنبیردەکا.

ج- بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار بەسەرۆکایەتی ڕێکخەر یان جیگرەکەی کۆ دەبێتەوە.



د- ئەرک و فەرمان بەسەر ئەندامەکانی دابەشیدەکاو لێیان دەپێچێتەوە.

هـ- جەماوەر بەلای پارتیدا دەهێنی و سەرکردایەتی دەکا و بەسەرەتاکانی پارتی گۆشیان دەکاو داکۆکیان لی دەکاو بلاوکراوەکانی بلاودەکاتەوە.

و- ئاگاداری کردنەوەی دەستەکانی سەرووتر لەوەی لە سنوری چالاکی ئەودا ڕوودەدات.

## 3- دەسەڵاتەکانی:

ا- سەرپەرشتی شانەی پالێوراوان دەکات کە لە (3-9) پالێوراو پێک دێت بە ڕێکخەرەکەشیەوە کە شانەی ئەندامان دیاری دەکات و بەڕۆشنبیری پارتایەتی بۆ جی بەجی کردنی ئەرکەکانیا، بیریان ڕووناک دەکاتەوەو چاودێریان دەکات.

ب- لە ئیستیمارەی هاتنەریز ورد دەبێتەوەو بەرلەوەی بۆ دەستەکانی سەرووتریان بنێری، ڕای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕی. هەروەها داوای بەخشینی شەرەفی ئەندامێتی بۆ ئەو پالێوراوانە لەدەزگاکانی سەرووتر دەکا کە مەرجەکانی ئەندامەتییان تێدایە.

ج- نامەی ئەندامان و پالێوراوان و دەنگوباس و زانیاری پێویست و ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە چالاکیان بۆ شانەی سەرووتر لە خۆی دەنێری.

د- ڕاپۆرت سەبارەت بەچالاکی و کارەکانی خۆی بەشانەی سەرووتر دەدا.

**دووەم شانەی سەرەکی**

**شانەی سەرەکی لە (3-8) شانەی بنچینەیی پێک دێت و سەرکردایەتی و سەرپەرشتیان دەکاو لەکارەکانیان دەپێچێتەوەو ڕای خۆی سەبارەت بەو ڕاپۆرتانەی پیی دەگەن دەردەبڕی و مانگی دووجار کۆ دەبێتەوەو هەمان ئەرک و دەسەلاتی شانەی هەیەو سزای سەرنج ڕاکێشان لە پالێوراوانی سەرپێچکار دەدات.**

**سێیەم: ڕێکخراو**

**1- پێکهێنانی ڕێکخراو: لیژنەی ناوچە پاش ڕەزامەندی لق، لەو ناوچانەی کە لە (5-8) شانەی سەرەکییان تێدایە، لیژنەی ڕێکخراو دروست دەکا کە پێک دێت لە بەرپرسانی شانە سەرەکی یەکان و بەرپرسی ڕێکخراوو دوو ئەندامی لیژنەکە دەبی تەرخان (متفرغ) بن.**

## 2- ئەرکەکانی لیژنەی ڕێکخراو:

**ا- ئاڕاستەکردنی چالاکی ئەو شانانەی سەر بە ئەون.**

**ب- لیژنەی ڕێکخراو بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆ دەبێتەوە.**

**ج- کار بۆ ڕێکخستن و گورج و گۆڵ کردنی خەباتی جەماوەری لەچوارچێوەی چالاکی خۆیدا دەکا.**



## 3- دەسەڵاتەکانی لیژنەی ڕێکخراو:

**ا- ڕای خۆی سەبارەت بەوانەی داوای هاتنە ڕیزی پارتیان کردووە دەداو، بەلیژنەی ناوچەی ڕادەگەیەنی.**

**ب- ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە چالاکی و کارو حساباتەکانی ڕێک دەخا.**

**ج- سزای ئەو پالێوراوانە بە سەرنج ڕکێشان و ئاگادارکردنەوە دەدا کە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆو بڕیارو سیاسەتی پارتی ڕەفتار دەکەن.**

## چوارەم: لیژنەی ناوچە

### 1- پێناسەی لیژنەی ناوچە:

ا- نوێنەرایەتی پارتی و سەرکردایەتی چالاکی یەکانی دەکا لەو ناوچەیەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە دیاری دەکری و لە (3-8) ڕێکخراو پێک دێت و ژمارەی ئەندامانی (7-9) ئەندام و (2) احتیات دەبن. بەپیی ماددەی تایبەت بە

هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی لەم پەیڕەوەدا هەڵدەبژێردرێن. لیژنە لە نێو ئەندامانیدا بەرپرس و دوو ئەندام بۆ کارگێڕی ناوچە هەڵدەبژێری بەمەرجێک کە هەرسی کەسیان بۆ کاری پارتایەتی تەرخان (متفرغ) بن.

ب- لیژنەی لق ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ناوچەکان دەردەبڕی و کۆمیتەی ناوەندی مافی ناڕازی بوون و ڕەتکردنەوەی هەیە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانیدا.



### 2- ئەرکەکان:

ا- سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرێتی و ڕێنوێنی کردنی چالاکی ئەو ڕێکخراوانەی پارتی کە گرێدراوی ئەون.

ب- بەلایەنی کەمەوە مانگی دووجار کۆدەبێتەوە.

ج- وەلآم دانەوەی ڕاپۆرت و سەرنج و پرسیاری ڕێکخراوەکانی پارتی.

### 3- دەسەلاتەکان:

ا- بڕیاردان سەبارەت بەوانەی داوای هاتنە ڕیزی پارتیان کردووە.

ب- دەرکردنی بەیاننامە سەبارەت بەڕووداوەکانی ناوچەکەی خۆی.

ج- سزادانی ڕێکخراوەکان بە سەرنج ڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە.

د- سزادانی ئەندامان بەهەڵپەساردنیان بۆ ماوەیەک کە لەشەش مانگ تێپەڕنەکات و ڕاسپاردن بەدەرکردنی یەکجارەکییان بەزۆربەی 3/2 (دوو لەسەر سێی)ی ئەندامانی لیژنە.

هـ- دەرکردنی پاڵێوراوان بە زۆربەی دەنگ و لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی پارتی دەبێت.

و- هەڵسەنگاندنی لێوەشاوەیی پاڵێوراوان و بەخشینی شەرەفی ئەندامەتی پییان بەپیی ڕێ و ڕەسم.

ز- بەرپرسیاری لیژنەی ناوچە دەبێت ئەندامی لیژنەی لق.

## پێنجەم: لیژنەی لق

### 1- پێناسە:

لیژنەی لق نوێنەرایەتی پارتی و سەرکردایەتی چالاکی دەکا لەپانتاییەکی جوگرافی دا کە کۆمیتەی ناوەندی بۆی دیار دەکاو پێک دێت لە:

ا- بەرپرسیار کە دەبی ئەندامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بی.

ب- یاریدەدەری بەرپرس کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە دەستنیشان دەکرێت.

ج- بەرپرسانی لیژنەی ناوچەکان.

د- لیژنەی لق لەناو ئەندامەکانیدا،(5-7) ئەندام بۆ کارگێڕی لق لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا، هەڵدەبژێری.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 55

### 2- ئەرکەکان:

ا- سەرکردایەتی چالاکی لیژنەی ناوچەو ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانە دەکا کە سەربە ئەون.

ب- مانگانە کۆ دەبێتەوە.

ج- وەڵامی ڕاپۆرتی ناو بەناو ی لیژنەی ناوچەو ڕێکخراوو مەکتەبەکان دەداتەوە.

د- مانگانەو ناوبەناو ڕاپۆرت بۆ مەکتەبی سیاسی سەبارەت بەتێکڕای جموجۆڵ و چالاکیەکانی دەنێری.

هـ- سەبارەت بە چالاکیەکانی خۆی و دەست نیشان کردنی دیاردەو پێشنیارو ڕێگا چارەکان دیراسە بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە دەکا.

### 3- دەسەڵاتەکان:

ا- دەرکردنی بەیاننامە تەنیا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە.

ب- ئاراستەکردنی سەرنج ڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی لیژنەکانی خوارەوە.

ج- بڕیاردان سەبارەت بەدەرکردنی یەکجارەکی ئەندامان بەپێی ڕاسپاردەی لیژنەکانی ناوچەو پاش لێکۆڵینەوەی ئوسووڵی.

د- سازکردنی خولی پێگەیاندن و ڕۆشنبیری بۆ ئەندامان.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 56

ماددەی شەشەم

## کۆمیتەی ناوەندی

1- کۆمیتەی ناوەندی، دەزگای هەرە بەرزی ڕاپەڕاندنە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی تێکڕای ڕێکخراوەکانی پارتی هەڵدەسوڕێنی و سەرپەرشتیان دەکاو سەرکردایەتی خەباتیان بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی پارتی دەکات.

2- کۆمیتەی ناوەندی لە (31) ئەندام و (9) ئەندامی ئیحتیات پێک دێت کە بەڕێگەی دەنگدانی نهێنی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.

3- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکەکانی پارتی پی هەڵنەسوڕا، ئەوا ئیحتیاتی یەکەم جێگەی دەگرێتەوە.

4- مەرجی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی:

ا- دەبی بەلایەنی کەمەوە(10) ساڵی بەردەوام بەسەر ئەندامەتی لە ناو پارتی دا تێپەڕ بووبی.

ب- نابی لادەرو بێزراو بی لەناو پارتی.

ج- ئەندامێکی چالاک و کارامەی خاوەن ڕابردووی شەرەفمەندانە بی لەخەبات.

د- نمونەی ڕەوشت و ئاکار بەرز و هەڵگری ڕواڵەت و خەسڵەتی سەرکردایەتی بی و پلەو پایەی سەرکردایەتی وەرگرتبێت.



هـ- بەتەنگ بەرژەوەندی پارتیەوە بی و پابەندی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ بی.

5- مافەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی:

ا- هەموو مافێکی بڕیار لەسەر دراوی کادیری پارتی هەیە، سەرباری ئەمەش هەر مافێکی تر کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر بدا.

ب- ئەگەر بە هۆی خەباتی پارتییەوە زیندانی کرا یان بی سەروشوێن بوو، ئەوا ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندیدا، هەر دەمێنی.

ماددەی حەوتەم

## ڕ- ئەرکەکانی کۆمیتەی ناوەندی:

1- ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێری و چ بە تاکو چ وەکو دەستە متمانەیان لی وەردەگرێتەوە.

2- خەبات بۆ بەجێهێنانی ئامانجە نزیک و دوورەکانی پارتی بکاو سیاسەت و پلانی پێویست بۆ ئەمە دابڕێژی.

3- هەڵوێستی پارتی سەبارەت بەڕووداوو پێشهاتە نوی باوەکان دیاری بکات.

4- پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی پارتی و بڕیارنامەکانی کونفرانس و کۆنگرە لە هەموو ئاستێکدا جی بەجی بکا.

5- یەکێتی پارتی بچەسپێنی و نهێنییەکانی بپارێزی.

6- کەلوپەل و دارایی بپارێزی و زێدەی بکاو داهات و خەرجی ڕێک بخا.

7- کادیر بۆ پارتی پی بگەیەنی و پەروەردەی بکاو هوشیاری سیاسی و تیۆرییان پەرە پی بدا.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 59

8- بەڕێوەبردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەستەی نووسەران بۆ هەردوو ڕۆژنامەی ناوەندی پارتی و چاپەمەنییە دەوریەکان دابنی و سەرپەرشتی بکاو هەموو پێداویستییێکی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنی.

9- وەڵامی ڕەخنەو پێشنیارو پرسیارو سکاڵای ئەندامان بداتەوەو گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکا.

10- ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە ئامادە بکات.

11- هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چ تاک و چ پێکەوە، سەبارەت بەو کارانەی ڕایان پەڕاندوون و ئەو پلان و سیاسەتانەی جی بەجی یان کردوون، ڕاستەوخۆ لە بەردەم کۆنگرەدا بەرپرسیارن.

12- کۆمیتەی ناوەندی دەشی بڕیاری لیژنەکانی خوارەوە هەڵوەشێنێتەوە.

13- دەبی پانتایی جوگرافی بۆ ئیش و کاری لیژنەی لق و لیژنەی ناوچەکان دیار بکاو بە پیی پێویست لیژنەو ڕێکخراوی تر پێک بهێنی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 60

14– شوێن و کاتی کۆنفرانس و کۆنگره دیار بکاو ڕێژەی نوێنەران دابنی.

15– داوای کۆنفرانس و کۆنگرەی نائاسایی دەکا لەسەر:

ڕ– داخوازی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە.

ب– داخوازی 3/2 (دوو لەسەر سی ی) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

16– دەبی کۆمیتەی ناوەندی بەلای کەمەوە هەر 3 مانگان جارێک بەشێوەیەکی دەوری و لەخۆوە کۆبێتەوە.

17– دەبی کۆمیتەی ناوەندی بەلایەنی کەمەوە سالّی یەک جار کۆبوونەوەی فراوان بکا کە وێڕای ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی ، ئەندامانی لق و مەکتەبە ناوەندی یەکانی پارتی تێدا ئامادەبن.



## ب– دەسەلاّتەکانی کۆمیتەی ناوەندی:

1– دەبی سەرجەم دەزگاکانی پارتی پابەندی فەرمان و بڕیارەکانی ئەو بن.

2– کاری مەکتەبی سیاسی هەلّدەسەنگێنی و ئەرک و فەرمانی بۆ دیار دەکا.

3– هەموو ڕی و شوێنێکی لەبار بۆ پاکڕاگرتنی ڕیزەکانی پارتی پەیڕەو دەکا بە مەرجی پێش وەخت لە لایەن دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری لێکۆلّینەوەی لەمەڕکرابی. هەموو ئەوانەی ئەو ڕی و شوێنانە دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان هەیە لەلای کۆبونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی، سکالاّی خۆیان بکەن.

4– بەپیی پەیڕەوی ناوخۆو بە زۆربەی 3/2 (دوو لەسەر سی ی) دەنگ سزای پێویستی ئەندامانی خۆی دەدا.

5– ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کارێکی وای کرد، شایانی دەرکردن بی لە پارتی ئەوا کۆمیتەی ناوەندی دەشی بە زۆربی 3/2 (دوو لەسەر سیی) دەنگ ، هەموو لێپرسراویەتییێکی لی بستێنێتەوەو بیخاتە بەردەم کۆنفرانس یان کۆنگرە تا بە پیی پێویست سزای بدا.

6- کۆمیتەی ناوەندی ڕێنمایی تایبەت بەڕێکخستنەکانی پارتیمان (لە دەرەوە) دەردەکات.

7- بڕیاری وەرگرتنی کادیری پارتە سیاسی یەکانی تر دەدا.

8- لە دوای گەڕانەوەی ئەو کادیرانە بۆ ناو پارتی دەکۆڵێتەوە کە سەر وەختێک خەباتی پارتیان بە جی هێشتووەو بڕیار لە بارەی وەرگرتنەوەیان دەدا.

9- کۆمیتەی ناوەندی ئەم مەکتەبە ناوەندی یانەی خوارەوە پێک دەهێنی و ئەرک و فەرمانیان بۆ دیاری دەکا بەپیی پێڕەوێکی تایبەت:-

ڕ- مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن.

ب- مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی.

ج- مەکتەبی ناوەندی ڕگەیاندن.

د- مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن و دارایی.

هـ- مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان.

و- مەکتەبی ناوەندی پێوەندی نیشتیمانی و کوردستانی.

ز- مەکتەبی ناوەندی پێوەندیەکانی دەرەوە.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕێنوێنی و سەر پەرشتی ئەم مەکتەبانە دەکەن.

10- بڕیار لەسەر وەرگرتنی پارت و ڕێکخراوە سیاسی یە کوردستانیەکان، یان یەکبوونیان لەگەڵ پارتیدا دەدات.



ماددەی هەشتەم

## مەکتەبی سیاسی

1- مەکتەبی سیاسی لە (9-11) ئەندام پێک دێت و هەر یەکەیان بە گوێرەی لێزانی و پسپۆڕی لە کاری خۆیدا یاریدەی سەرۆک دەداو تێکڕا هاریکاری لە گەڵدا دەکەن.

2- زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ کاری پارتی تەرخانن.

3- مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، جی بەجی دەکا.

4- مەکتەبی سیاسی بانگێشتی کۆمیتەی ناوەندی دەکا بۆ کۆبوونەوە.

5- مەکتەبی سیاسی لەنێو ئەندامانیدا سکرتێرێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەو تەنسیق لە نێوان دەستەکانی پارتی و ئامادەکاری کۆبوونەوەی ڕۆژانەو ناوبەناوی م.س بەهاوکاری لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

ماددەی نۆیەم

## جێگری سەرۆک

1- سەرۆک دەست نیشانی دەکات و کۆنگرە ڕاستەو خۆ هەڵی دەبژێری.

2- ئەو ئەرکانەی کە سەرۆک پیی دەسپێری، جی بەجیی دەکات.

3- بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەکات.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 65

ماددەی دەیەم

## سەرۆکی پارتی

1- سەرۆکی پارتی: سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیەکەیەتی.

2- سەرۆک ڕاستەو خۆ لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردری.

3- سەرۆک کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کۆبوونەوەی فراوان و کۆنفرانسەکام بەڕێوەدەبا.

4- لەو دەمەی لە تێکرای ئەو دەزگایانەی لەبڕگەی (3)ی سەرەوەدا هاتوون، دەنگەکان وەک یەک دەبن، ئەو لایەنە دەبێتە زۆربە کە دەنگی سەرۆکی لە گەڵدابی.

5- سەرۆک لە کاتی پێویست مافی ئەوەی هەیە داوای کۆنگرە بەستن یان کونفرانس بکا.

6- ڕسپاردەو ڕێنوێنی یەکانی پارتی بەڕەزامەندی سەرۆک دەبن و گشت نوسراوە گرنگەکانی پارتی دەبی بە ئیمزای سەرۆک (یان یەکی لە یاریدەدەرە دەسەڵات پێدراوەکانی) بی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 66

بەشی چوارەم

ماددەی یازدەهەم

## دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری

لە (3) ئەندام پێک دێت کە کۆمیتەی ناوەندی لەماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی خۆیدا هەڵیان دەبژێرێت بەمەرجێک کە ئەندامی م.س لێپرسراوی بێت و کۆمیتەی ناوەندیش ئەرک و دەسەڵاتەکانی دیاری بکا.

بەشی پێنجەم

## ڕۆشنبیری پارتی

ماددەی دوازدەهەم

پارتی دوو ڕۆژنامەی ناوەندی هەیە کە (خەبات)و(برایەتی)یەو چاپەمەنی دەوری و نادەوری و دەزگای تری ڕاگەیاندنی هەیە کە سیاسەتە ناوەندی یەکەی دەخەنە ڕوو.

ماددەی سێزدەهەم

پارتی پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی بە ئاستی جوداجودا هەیەو لەلایەن دەستەیەکی تایبەتەوە لە چوارچێوەی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی یەوە بەپیی پەیڕەوێکی تایبەتی و بڕیار لەسەردراو لە کۆمیتەی ناوەندیدا بەڕێوە دەچێت.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 67

بەشی شەشەم

## کۆنفرانس

ماددەی چواردەهەم

1- کۆنفرانسی ناوچە هەر دووساڵ جاری یان لەسەر داخوازی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەکەدا، یان لەسەر خواستی 3/2 (دوو لەسەر سی ی) ئەندامانی لیژنەی ناوچەو بەرەزامەندی مەکتەبی سیاسی و بە سەرپەرشتی و

چاودێری لق، دەبەستری.

2-کۆنفرانسی ناوچە لە ئەندامانی لیژنەی ناوچەو ئیحتیات و بەرپرسیاری ڕێکخراوو شانە سەرەکیەکانی پارتی پێک دێت.

3- کۆنفرانس بەپیی پەیڕەوی ناوخۆ، کار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە حزبیەکانی ناوچەدەکا.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 68

ماددەی پازدەهەم

## کۆنفرانسی گشتی

1- کۆنفرانسی گشتی لە کاتێکدا دەکری کە گۆڕانکاری گرنگی سیاسی ڕووی دابی یان بارێکی پێویستی ئەوتۆ لەسەر خواستی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یان 3/2 (دوو لەسەر سی ی) ئەندامانی لیژنەی ناوچەکان، کۆنفرانس بخوازی.

2- کۆنفرانسی گشتی لە سەرۆک و جیگرەکەی و ئەنامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات و (فلک)و ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی یەکان و ئەندامانی لیژنەی لق و ئەو کادیرە پێشکەوتووانەی پارتی کە کۆمیتەی ناوەندی دەستنیشانیان دەکات پێک دێت.

## 3- ئەرکەکانی کۆنفرانسی گشتی:

ڕ گوی لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگری و گفتوگۆی لەسەر دەکا.

ب- هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە ڕووداوو پێشهاتە نوی باوەکانی، دیاری دەکا.

ج- لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانی و بڕیاریان لە بارەوە وەردەگری.



## 4- دەسەڵاتەکانی کۆنفرانسی گشتی:

ڕ- هەڵسەنگاندنی کاری کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی دوای لێکۆڵینەوەیەکی عادیلانە.

ب- کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامانی کەمتەرخەمی کۆمیتەی ناوەندی هەیە بەمەرجی کە ژمارەی دەرکراوان، بە جارێک یان چەند جارێک لە 1 لەسەر 3 تێپەڕ نەکات.

ج- دەستکاری کردنی پەیکەری پارتی ئەگەر هەلومەرج بخوازی.

د- کۆنفرانس لە نزیکترین دەرفەتدا، داوای کۆنگرە بەستن بکاو هەلومەرجی پێویست بۆ کۆنگرە بڕەخسێنی لەسەر داوای دەنگی 2 لەسەر 3ی بەشداربووان.

بەشی حەوتەم

## کۆنگرە(کۆنگرەی نیشتمانی)

ماددەی شازدەهەم

1– کۆنگرەی نیشتیمانی دەسەڵاتی هەرەبەرزی ناو پارتی یە.

2– کۆنگرە لە سەرۆک و جێگرەکەی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات و ئەندامانی هەردوو لیژنەی ئامادەکردن و سەرپەرشتی کۆنگرە و ئەو نوێنەرانە پێک دێت کە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتی یەوەو بەپیی ئەو ڕێژەیەی کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکا هەڵبژێردراون.

3– کۆنگرە بە شێوەیەکی ئاسایی بە لایەنی کەمەوە هەر (4) چوار ساڵ جارێک دەبەستری. هەروەها پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی بەپیی برگەی (15) لە ماددەی (7) داوای کۆنگرە بەستن بکا. سەرۆکیش بەپیی ماددەی (10)

برگەی (5)ی ئەم پەیرەوە، دەسەڵاتی کۆنگرە بەستنی پی دراوە.



## 4– ئەرکەکانی گۆنگرە:

ڕ– گوی لە ڕپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دەگری و گفتوگۆی لە سەردەکاو کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوانی دوو کۆنگرەدا هەڵدەسەنگێنی.

ب– باری ناوخۆو هەرێمایەتی و جیهانی ش دەکاتەوەو دەنرخێنی و سیاسەتی گشتی پارتی دادەڕێژی و لە ستراتیژیی پارتی ورد دەبێتەوەو لە هەموو ئاستێکدا تاکتیکی بۆ دادەنی.

ج– لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانی و بڕیاریان لە بارەوە دەدا.

د– لی پرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

## 5–دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:

ڕ– سەرۆک و جیگری سەرۆک و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات هەڵدەبژێری

ب– تەنیا کۆنگرە مافی هەڵوەشاندنەوە و ناوگۆڕینی پارتی و وەستاندنی چالاکی ی پارتی یا تێکەڵ کردنی بە پارتێکی تری هەیەو دەتوانی وەرگرتنی پارتێکی تر پەسەند بکاو ئایدیۆلۆژیای پاررتی بگۆڕی.

ج– کۆنگرە دەتوانی بەپیی هەلومەرجی پێویست، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند یا دەسکاری بکات.

بەشی هەشتەم

ماددەی حەڤدەهەم

## لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگره

1- کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیارو یاریدەدەرو ژمارەی ئەندامانی لیژنه دیار دەکا.

2- ئەمانه لە ناو کادیره بە ئەزموونەکانی پارتیدا دەست نیشان دەکرێن که بە ڕاستگۆیی و بابەتخوازی یەوە ناسراون.

3- نابی ئەندامانی لیژنه خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

4- لیژنه لە کاتی پێویستداو بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی، دەتوانی لیژنەی تر پێکبهێنی.



## 5- ئەرکەکانی لیژنه:

ڕ- ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگره بە گوێرەی ئەو لیستانەی لەلایەن مەکتەبی ناوەنده ڕێکخستنەوە ئامادە کراون و لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندیدا پەسند کراون.

ب- دەست کردن بە جی بەجی کردنی ئەو بڕیارو ئامۆژگارییانەی کۆمیتەی ناوەندی که تایبەتن بە کۆنگره.

ج- ئامادەکردنی دیراسەتێکی هەمەلایەن سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و سەرنج و تێبینی دان لە بارەیانەوە.

د- ئامادەکردنی پێناسەو لیستی تایبەت بە نۆێنەران و ئاماژەکردنیان لە سەرەتای کردنەوەی کۆنگرەدا.

ماددەی هەژدەهەم

## لیژنەی سەرپەرشتی کۆنگرە

1– کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیارو یاریدەدەرو ژمارەی ئەندامانی دیاری دەکا.

2– ئەمانە، لە ناو ئەو کادیرانەی لەم بوارەدا هەڵکەوتوون، دەست نیشان دەکرێن.

3– نابی ئەندامانی لیژنە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

## 4– ئەرکەکانی:–

ڕ– دیاریکردنی شوێنی کۆنگرە.

ب– ڕەخساندن و ئامادەکردنی پێداویستەکانی کۆنگرە.

ج– پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە بوارە پسپۆڕەکانی کاروباری کۆنگرە.

د– هاوکاری لە گەڵ لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 75

ماددەی نۆزدەهەم

## دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە

1– لەیەکەمین کۆبونەوەی کۆنگرەدا، دەستەیەکی چەند ئەندامی بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵدەبژێردری.

2–ئەم دەستەیە، بە درێژایی ڕۆژانی کۆنگرە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کۆنگرە دەکا.

3– ئەم دەستەیە دەبی پەیڕەوێکی تایبەت بەڕەوتی کۆبونەوەکان ئامادە بکاو ڕی و شوێنی بەجی و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکردنی تێدا تۆمار بکا.

4– نابی ئەندامانی دەستە خۆیان بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 76

ماددەی بیستەم

## هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی

1- هەڵبژاردنی دەستەکانی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە شانە، شانەی سەرەکی، ڕێکخراو، لیژنەی ناوچە، لق، هەریەکەو لە حەوزەی خۆیدا ئەنجام دەدرێن.

2- پڕۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی پارتی بەم شێوەیە دەبێت:-

ڕ- لیژنەی ناوچە بە ناوچەی هەڵبژاردن دادەنریت.

ب- لەسەر ئەندامانی لیژنەکانی سەرەوەو مەکتەبەکانی پارتی پێویستە کە لە سنوری یەکێک لە لیژنە ناوچەکاندا خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 77

بەشی نۆیەم

ماددەی بیست و یەکەم

**ڕێکخستنی نهێنی**: کۆمیتەی ناوەندی ڕێنمایی تایبەتی دەربارەی ڕێکخستنی نهێنی پارتی دەردەکات بەمەبەستی پاراستن و مسۆگەرکردنی بەردەوام بوون و چوست و چالاکی یەکەی.

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 78

**بەشی دەیەم**

# دارایی پارتی

**ماددەی بیست و دووەم**

**1- دارایی پارتی لەمانە پێک دێت:**

**ر- ئابونەی هاتنە ڕیزی پارتی و ئابوونەی مانگانە، کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەوە ڕێژەکەی دیاری دەکری.**

**ب- کۆمەک و پیتاک.**

**ج- نرخی چاپەمەنیەکان پارتی.**

**د- قازانجی ئەو چالاکی یە ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتیانەی کە پارتی سازی دەدا.**

**هـ- قازاتجی ئەو پرۆژانەی پارتی هەڵیان دەسووڕێنی.**

**2- پێویستە لیژنەی ناوچە و لق و کۆمیتەی ناوەندی،(سجلات)ی تایبەتیان هەبی کە بودجەی تێدا نیشان بدری و ئەندازەی داهات و خەرج کردنی تێدا تۆمار بکری.**

**3- مەکتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن و دارایی ئەندازەو چۆنیەتی خەرج کردن دیاردەکاو لەم بارەوە ڕێنوێنی تایبەت دەردەکا.**

8/4/2004 Kurdistan Democratic Party - KDP Europe 79